# دەستێوەردانی هەرێمیی لەکاروباری عێراق و ڕەنگدانەوەی لەسەر کورد

**ستیفان شەمزینانی**
Shamzini79@hotmail.com



**لەو ساتەوەختەوەی دەوڵەتیک بەناوی عێراق لەسەر ئەتڵەس جیگەیەکی گرتووە، ولاتانی ناوچەیی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ کاریگەرییان هەبووە لەسەر کۆی ئەو ڕووداوە سیاسیانەی لەم ولاتەدا سەریانهەڵداوە، ئەم کاریگەرییە لە سادەترین هاندانەوە دەستییکردووە تاپیشتیوانی کردنی بزوتنەوە چەکدارە یاخیبووەکان لەچەندین قۆناغی جیاجیادا.**

**هەموو ئەو ڕووداوانەی لەعێراقدا قەوماون و ئاراستەی سیاسی و دەوڵەتدارییان گۆڕیوە بێ پاڵپشی دەرەکی و ناوچەیی نەبوون، هەر لەکۆدیتای چواردەی گەلاویژی ساڵی (1958)ەوە بیگرە تا هاتنە سەرکاری بەعسییەکان و کۆتایی هاتنیان لە بەهاری ساڵی 2003دا.**

**وردتر تەشخیسی حاڵەتەکە بکەین، بەدەر لەولاتانی زلهیزی ڕۆژئاوایی و جیهانی دەوڵەتانی دراوسیی عێراق لە چەشنی تورکیاو ئێران و سوریا بەردەوام کارتیکردنیان لەسەر دۆخی هەڵکشاو و داکشاوی ناوخۆی عێراق هەبووە و لەهەندیک ماوەشدا بەفۆرمی ڕاستەوخۆ دەستێوەردانیان کردووە لەکاروبارەکانیدا، بۆ وینە ئێران لە سالانی 1961-1991 (جگە لەیەک دووساڵی دوای نسکۆی ساڵی 1975) یارمەتی ڕاستەوخۆی جولانەوەی چەکداریی کوردی داوە لەدژی ڕژێمی عێراق، سوریاش هەر بە هەمان شێوە تا ئەو ئەندازەیەی پارتیکی بەهیزی وەک (ی.ن.ک) لەو ولاتەوە یەکەمین مانیفیستی دروستبوونی خۆی بلاودەکاتەوەو هەر بەچەکی ئەو ولاتە مەفرەزە سەرەتاییەکانی چەکدار دەکات بۆ جەنگیکی نەبڕاوەی پارتیزانی.**

**دەستێوەردانی هەرێمیی لە ماوەی 85 ساڵی تەمەنی دەوڵەتی عێراقدا ڕووخساریکی سیاسی نامۆ نییە، تەنێ هەر ئەوەیە بەپیی لاوازیی و بەهیزیی دەوڵەتی لەسەر کاری عێراق گۆڕان بەسەر ڕیژەو قەبارەی دەستێوەردان و کارتیکردنی ولاتانی دراوسیدا هاتووە.**

**حکایەتەکانی پارت دروستکردن لە عێراقدا لەلایەن دەزگای ساواکی پیشوو و ئیتلاعاتی هەنووکەو میتی تورکی و هەواڵگریی سوریاوە حکایەتیکی دووروودیژەو لە چیرۆکی هەزارو یەک شەوە دەچیت و هیندەش وتراوەتەوە زانیارییەکە گەیشتۆتە لای مندالان یان نەوەی تازە پیگەیشتووش.**

**بەلام دەستێوەردان لەدوای ساڵی (2003)ەوە هەموو سنووریکی عەقلانی و لۆژیکیکی سیاسی تیپەڕاندووە، ئەمەش بەهۆی ئەوەی عێراق سیادەی خۆی لەدەستدا و دەسەلاتیکی داگیرکەری نامۆ بە فەرهەنگی عێراق سەرکردایەتی ولاتی وەئەستۆوە گرت.**

**ئەم دەرفەتە زیاتر دەرگای خستە سەر پشت بۆ دەزگاکانی هەواڵگریی ولاتانی هەرێمی تارۆڵیان هەبیت لە عێراقداو لەڕیگەی باندو پارت و دەستەو تاقمی جۆربەجۆرەوە مەرامە سیاسییەکانیان لەڕیی ململانی کردن لەبەستینی عێراقدا مسۆگەر بکەن.**

**هەر لەسەرەتاوەو بە پلەی یەکەم ئێران و سوریا هەوڵی دەستێوەردانیاندا، تورکیاو عەرەبستانی سعودیەش بەپلەیەکی دواتر کەوتنە خۆ ئامادەکردن بۆخۆ هەڵقورتاندنە کاروباری ناوخۆی عێراق و ڕاگرتنی بالانسی سیاسی و هیز لەڕیی ئەو هاوکیشانەی لەناو عێراقدا دەبیت هاوسەنگ بکرینەوە.**

created using
BCL easyPDF
Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

ڕەنگبێ دەستێوەردانی ئەو ولاتانەو یارمەتیدانی یاخیبووە چەکدارەکان لەلایەن ئەو دەوڵەتانەوە فاکتۆری هەرە سەرەکی ئەو خوێن بەربوونە سامناکە بێت لەلاشەی عێراق و فاکتۆری بنەرەتیش بێت لە زیاتر بەهێز بوون و هورژم هێنانی ئەو بزوتنەوە ڕەگەزپەرست و تیرۆریستەی لەژێر ناوی مقاومەمەدا خۆی بەیان دەکات، ڕووەکەی تری ئەم وارەش ئەوەیە شەقامی سیاسی عێراق دابەشبووە بە سەر ئەجێندەی ولاتانی دراوسێ و هەر لایەنێکی سیاسی کاریکتەریکە ئەدای سیاسەتی دەوڵەتێکی ناوچەیی دەکات وەک لەوەی خۆی جولانەوەیەکی سیاسی سەربەخۆ و خاوەن بڕیاری سەربەخۆ بێت.

بەگشتی لەوەتی عێراق هەیە هیچ کات هێندەی ئەمڕۆ جادەی عێراقی نەبووەتە مەیدانی تەراتێنی دەزگا هەواڵگرییە بیانییەکان و هێندەش دەستی دەرەکی ئاوەلا نەبووە لەوێرانکردنی ولاتەکەیدا، چوون بەدەر لەو قەیرانە مرۆییەی لەرێی کوشت و بڕەوە دروست بووە، کۆچ لەعێراقدا گەیشتۆتە رادەدەی سیحرو کولتووری ولات وێران کراو ژێرخانی ئابووری هەڵتەکێنرا، کتێبخانەکان سووتێنران، زانکۆکان پەکیان کەوت، مۆزەخانەکان تالان کران، هەرچی شوێنەواری عێراق هەیە هەر لە سۆمەرییەکانەوە تا دەگاتە چاخە تازەکان هەموو دزران، ئەم هۆکارەش گەراندنەوەی عێراق بۆ دۆخی پێش جەنگ دەکاتە ئەرکێکی قورس، قورسترو سەرکیشانەتر لەدۆزینەوەی ئەمەریکا لەلایەن دەریاوانی چەلەنگ (کریستۆفەر کۆلۆمبس).

## ئێران

وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا ئێران هیچ کات بەتایبەتی لەدەیەی شەستەکانی سەدەی رابردوو بەدواوە بێ ڕۆڵ نەبووە لەسەر بارودۆخی سیاسی و ئابووری لە عێراقدا.

لەگەڵ هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی ئێران و هەڵگیرسانی جەنگی هەشت ساڵەی نێوان عێراق- ئێران (1980-1988) ئێران پەرۆشانەتر لە جاران بیری لەڕۆڵی خۆیکردەوە لە عێراقدا بەتایبەتی کاتێک عێراق وەک نەیارێکی سەر سەخت بەرەو رووی دەوەستیتەوە، یارمەتیدانی بزوتنەوەی چەکداریی کورد بەدرێژایی دەیەی هەشتاکان و دروستکردن و بەهێزکردنی ئۆپۆزیسیۆنی شیعە مەزهەب لەخوارووی عێراق دەچنە ناوچێوەی هەمان ئەو ئەجێندەیەی ئێران لەمەر عێراق هەیبوو.

لە قۆناغەکانی دواتریشدا کاراتر لە قەبارەی دەستێوەردانی عێراقی لەکاروباری ناوخۆی ئێراندا، ئێران بەردەوام چەندان کارتی بەدەستەوە بووە بۆ دەستێوەردان لەعێراقدا یان هەر هیچ نەبێت بۆ کێشە خوڵقاندن بۆ رژێمی بەعس و سەددام حسین.

لەگەڵ ئەوەی ئەو شانۆییەی لە 2003/4/9 دا لەناوجەرگەی بەغدادی پایتەختی عێراقدا نمایشکرا، مەرگی دوژمنێکی لەمێژینەو ترسناکی ئێران بوو، بەلام ئێران جیا لەوەش ویستی ڕۆڵی هەبێت لەسەر لەنوێ دارشتنەوەی عێراق تا دەستەلاتێک لەم ولاتەدا بێتەسەر شانۆی سیاسی لانی کەم دۆستی ئێران بێت و تاران لەپەنایدا هەست بەدڵنیایی و ئارامیی بکات، لە هەمان کاتدا ڕۆڵی ئەمەریکا لە عێراق و دروستکردنەوەی دەوڵەت و دامەزراوە عێراقییەکاندا لاوازبکات.

ئێران جگە لەوەی دۆستە دێرینەکانی (جەعفەری- مالکی) یەک لەدوای سەرۆکایەتی عێراق بەدەستەوە دەگرن، هێشتا بەشێوەی جیاواز بەردەوامە لەهاریکاریی کردنی بزوتنەوە توندرەوە شیعەکان بەتایبەتی باڵی سەدر بەسەرۆکایەتی موقتەدا سەدر، کە دەکرێت بڵێین ئەم بزوتنەوەیە نوێنەر و پارێزگاری شێلگیری بەرژەوەندییەکانی ئێرانە لە عێراقدا.

پێش چوار مانگ سەرچاوەیەکی ئاگادار کە نەیویستووە ناوی خۆی ئاشکرا بکات لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە چەندین کەسایەتی ئاینی غەیرە عێراقی دەستیان هەیە لە پێکهینان و دروستکردنی چەندین گروپی ئاینی توندرەو لە باشووری عێراق و هاوکاریی داراییان دەکەن و چەک و تەقەمەنیان بۆ رەوانە دەکەن و بیری نەخوازراویان لەنێواندا بلاًودەکەنەوە. سەرچاوەکە دەڵێت: گروپە ئاینییە توندرەوە شیعە مەزهەبەکان لەلایەن کەسایەتییە ئاینییەکانی دەرەوەی عێراقەوە هاندەدرێن، بەمەبەستی نانەوەی پشێویی لەناو عێراقدا بۆ ئەوەی پرۆسەی سیاسی هەرەس بهێنێت و شەری مەزهەبی و تائیفی لەنێوان پێکهاتە جیاجیاکانی عێراقدا بەرپابێت. (1)

چەندان بەڵگەی دروست لەبەردەستی (CIA)و هێزەکانی هاوپەیمانانداندا دەربارەی قەبارەی یارمەتیدانی یاخیبووە چەکدارەکانی ناو عێراق لەلایەن ئێرانەوە، تا ئەوەی لەمانگی شوباتی ئەمساڵدا (2007) رۆژنامەی (واشنتۆن پۆست) راپۆرتێکی بلاوکردەوە لەژێر تایتڵی (یارمەتییەکانی ئێران بۆ چالاکییە کوشندەکانی ناو عێراق)، لە راپۆرتەکەدا هاتووە: ئێران ئامێری تەقینەوەی TNTو رۆکێت و جۆرەها چەکی تر دەداتە عێراقییە یاخیبووەکان بۆکوشتن و بریندارکردنی سەربازەکانی ئەمەریکاو هاوپەیمانان.

هەر لەو راپۆرتەدا جەخت کراوەتەوە لەسەر ئەوەی: رۆکێتی (میساق 1)ی ئێرانی کەلەسەر شان دژ بە فرۆکە دەتەقێنرێت، دوای هەوڵێکی سەرنەگرتوو بۆخستنە خوارەوەی فرۆکەیەک لە فرۆکەخانەی بەغداد لە ساڵی 2004دا دۆزرایەوە، هەروەها خستنی شەش هێلیکۆپتەری ئەمەریکی لەماوی سێ هەفتەی رابردوودا دەریدەخەن ئێران رۆکێتی دژە ئاسمانی سەرشانی داوەتە یاخیبووە عێراقییەکان و لەم هێرشانەدا بەکارهاتوون.

created using
BCL easyPDF
Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

ئامانجی ئێران جیا لەخەونی  فراوانخوازیی و سەپاندنی هەژموونی شیعەگەریی بەسەر عێراقدا، لیدانیشە لە پیگەی ئەمەریکا، چونکە ئەمرۆ ئێران لەبەردەم گەلە کۆمەکییەکی نێو دەوڵەتیدایە بەریبەریی ئەمەریکا ئەویش بەهۆی سووربوون لەسەر سیاسەتی پیتاندنی یۆرانیۆم.

ئەم دۆزەش وەهای لە ئەمەریکا کردووە بەپێی پلانیکی دوورماوە بیر لە گۆرینی ریژێم لە ئێران بکاتەوە هەروەک پیشتر لە عێراقدا دەستی بۆ برد.

نووسەرو پسپۆر لەکاروباری خۆرهەلاتی ناوەراست (تەلاڵ عتریشی) دەنووسیت: "سیاسەتی ئێرانی لە عێراق بەو مەبەستەیە نەیەڵیت ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا هەست بە ئارامی و ئاسایش بکات" دریژەی دەداتآ و دەنووسێ "ئێران هەوڵدەدات حکومەتیکی عێراقی سەر بە ئەمەریکا نەیەتە ئاراوە و پشتگیریی لەحکومەتیکی عێراقی دەکات کە دژایەتی تاران نەکات".

ئێران لەریی بەهیزکردنی پیگەی خۆی لەعێراقدا و هاوکات بە قورمیشکردنی چەند هیزیکی وەک سەدر و هەندێ لایەنی تری شیعەی توندئاژۆ، ئەو سەرچاوەیە وشک دەکات کە کانی ئومیدی ئەمەریکایە تا عێراق بکاتە بنکەیەکی سەربازیی بۆ لەشکرکیشییەکانی داهاتووی یان هەر هیچ نەبێ بۆ لەباربردنی خەونی ئەمەریکا لەمەر دامەزراندنی دەوڵەتیکی عێراقی کە بەئیجای ئەو نەیاریی لەگەڵ ئێران بکات.

لەرەهەندیکی تریشەوە، ئێران وەرەقەی ئەمنی عێراقی کردۆتە مەرجیک بەسەر ئەمەریکاوە بەو پییەی دەتوانیت ئەرکی سەرشانی ئەمەریکا سووک بکات لەهێورکردنەوەی بارگرژیی و ناجیگیریی ئاسایشی عێراق، بۆیە هێرشکردنە سەر ئێران بە هەموو مانایەک زیاتر شێواندنی دۆخی عێراقەو بەنزینیکە لە هەموو لایەکەوە ئاگری جەنگی تیرۆری تیرۆریستە دەمامکدارو نادیارەکان جۆش دەدات.

لەم رووەوە رۆژنامەی (رسالت)ی ئێرانی لەرۆژی 2007/3/14 لەسەر وەختی کۆنگرەی ئەمنیی بەغداد دەنووسیت: "جۆرج بۆش چەند پەیامیکی لەریی زاڵمای خەلیلزاد و دایفید ساتەر فیڵدی گەورە راویژکاری وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکاوە حەواڵە کرد، بەو مانایەی کە ئەمەریکا پێویستی بە ئێران هەیە، لەدەمەدەمی دەستپیکردنی کۆنگرەی بەغدادیشدا زاڵمای خەلیلزاد ئەوەی ئاشکرا کرد کە ئەمەریکا خوازیاری دەستپیکردنی دایەلۆگیکی راستەوخۆیە لەگەڵ ئێراندا".

هەر لەو پێویستییەی ئەمەریکاو تەنگژەی سوپاکەیەوە بوو، ئێران زیاتر پیداگریی کردوو داوایکرد کە بیر لە کشانەوەی هیزە بیانییەکان بکریتەوەو بەپێی جەدۆلیکی ئاشکرا شێوازی پاشەکشەیان دیاری بکریت.

ئەم ورە بەرزییە (عەباس ئەرکەشی) جیگری وەزیری دەرەوەی ئێرانی گەیاندە متمانەیەک لەرۆژی 2007/3/10 لەبارەگای وەزارەتی دەرەوەی عێراق لە بەغدادو بەئامادەبوونی باڵیۆزی 61 ولاتی دراوسێ و ناوچەکەو جیهان، لەمیانەی کۆنگرەیەکی رۆژنامەنووسیدا بڵێت: پێویستمان بە دارشتنی خشتەیەکی زەمەنییە بۆ کشانەوەی هیزە بیانییەکان، چونکە مانەوەی هیزە بیانییەکان یارمەتیدەر نییە بۆ چەسپاندنی ئارامی و ئاسایش لەعێراقدا، لەگەڵ ئەوەشدا بەتوندیی ئەوەشی رەت کردەوە ئێران دەست لەکاروباری ناوخۆی عێراق وەربدات لەژێر هەر پاساویکدا.

ئیدی دەستێوەردانی ئێران لەعێراقدا بەئەندازەو قەبارەیەکە کە ولاتانی عەرەبی سوننە ترسیان لینیشتووە، هەر بۆیە لەکاتی دیمانەیەکی هاوبەشی تەلەفزیۆنی جەزیرەدا لەگەڵ ئایەتوڵلا عەلی ئەکبەر رەفسەنجانی و دکتۆر یوسف قەرزاوی، سەرۆکی زانایانی ئاینی سوننە (قەرزاوی) رووی دەمی کردە رەفسەنجانی و وتی "مەرجەعەکانی شیعە لەئێران کلیلی چارەسەری بارودۆخی عێراقیان لەدەستە".

ئێران بەسیاسەتیکی وردبینانە و نەرمەبرانە توانی لە عێراقدا ببیتە دیفاکتۆ تا لە قۆڵیکی ترەوە ئەمەریکا ناچار بکات لەگەڵیدا بیتە سەرمیزی گفتوگۆ.

عێراق ئەو یانسیبە بوو ئێران توانی بیباتەوەو دەستیکی تر ئامادە بکات بۆ یارییەکانی داهاتوو لەگەڵ ئەمەریکا و کۆی رۆژئاواییەکان.

## سوریا

لێ سوریا سەرسەختترین دوژمنی ستراتیژیی سەددام حسین بوو، ولاتەکەشی لانەی بەرهەڵستکارانی کوردو عەرەبی ئەو ریژێمە بوو بۆ ماوەیەکی ئیجگار دوورو دریژ، بەلام روخانی بەعس نەک خۆشحاڵی نەکرد، بەڵکو زەنگیکی مەترسی بۆ لیدا کە ئەویش لەسەر لیواری تیاچوونەو ئەمەریکا خستوویەتییە رۆژڤەوە بۆ ئاڵوگۆرکردنی سیستەمی دەسەلات تیایدا.

دەوڵەتی عەرەبی سوریا بەباشی لەنیەتی ئەمەریکا گەیشت، کەعێراق خاڵی سەرەتاو کۆتایی لەشکرکیشی و لیدانە سەربازییەکانی نابیت، بەڵکو لیستیکی دوورو دریژ لەدەوڵەت و ریکخراو لەپلاتفۆرمدا دانراون بۆ تەفروتوناکردنیان، لەوانەش دەوڵەتی سوریا.

created using
BCL easyPDF
Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

سوریاش دوو خاڵی لاوازی دەواتە دەستی نەیارەکانی، یەکەمیان بریتییە لەسەرکوتی سیاسی و پەیڕەوکردنی حکومی دیکتاتۆریی و تۆتالیتاریی و گوشینی ماف و ئازادییەکانی جەماوەرو ستەمکاریی لەبەرامبەر کوردو سوننە و قۆرخکردنی دەسەلاتی سیاسی.
دووەمیان تێوەگلانی دەوڵەت و دەزگای هەواڵگریی سوریایە لە دۆزی تیرۆرکردنی ڕەفیق حەریری سەرۆکی پێشووی لوبنان، کە بەشێکی زۆری دیکۆمێنتەکان دەریدەخەن سوریا لەو کردەوەیدا بێ ڕۆڵ نەبووە، بەڵکو پلاندانەری سەرەکی بووە.
لەبەرامبەردا سوریا بەدەستوەردانە کاروباری عێراق و خولْقاندنی کیشەو گرفت بۆ هیزەکانی ئەمەریکا دەیەویت ئاگرە سوورە لەخۆی دووربخاتەوە و ئەگەری دەستبردن بۆ گۆڕینی سیستەم و دەسەلاتی سیاسی لەولاتەکەیدا بکاتە موستەحیل و کاری نەکردە.
وێڕای ئازادکردنی سنوورەکانی لەگەڵ عێراق کە لەوێوە شانە تیرۆریستییەکان و خۆ تەقینەرەوە ناعێراقییەکان دینە ژوورەوە، بەڵگەی سەلمینراو لەبەردەستدان نیشانی دەدەن هەواڵگریی سوریا بەشدارە لە مەشق پیکردنی دەیان تۆرو یەکەی تیرۆریستی لەناوەوەو دەرەوەی عێراق بەتایبەتی لەدەوروبەری شارەکانی موسڵ و رومادی.
هەر ئەو بەڵگانە هێما دەکەن بۆهەبوونی چەندان حەشارگەی تیرۆریستان لەنێو خاکی سوریادا، لە هەموو ئەمانەش بترازێ ئەو دەوڵەتە لەڕیی هەندێ دام و دەزگای تایبەتەوە لە هەوڵی دروستکردنی چەندان حیزبی کۆپی و کارتۆنیدایە تا لەکردەی سیاسی عێراقدا ڕۆڵ بگێڕن بەئاراستەی پاراستنی بەرژەوەندییەکانی.
بەلام دەکریت بڵێین سەرنجی سەرەکی هەواڵگریی سوریا لەسەر خۆتەقینەرەوەو گروپە چەکدارە یاخیبووەکانە ئەویش لەڕیی پەیداکردنی چەک و تەقەمەنی و شێوازەکانی مەشق و پەلاماردان و دەستنیشانکردنی ئامانجی گرنگ و بایەخدار بۆیان.
نووسەری ئەمەریکی (کیت کرین) لەراپۆرتیکدا بەناوی (پینج هەنگاو بۆ کۆتایی هینان بە یاخیبوون لە عێراق) ئاماژە دەکات بۆ:(ئەو میلیشیاو گروپە یاخیبووانەی عێراقیان گۆری بۆ شانۆیەکی نا ئارام و پڕ ئاژاوە، ناتوانن هەروا بەردەوام بن لەچالاکییەکانیان بەبآ دەستبەر کردنی تەمویلیکی بەردەوام بۆ خۆیان، لەبەر ئەوە پێویستە لەسەر جۆرج بوش سەرۆکی ئەمەریکا کە دەیەویت ستراتیژیکی نوێ لە عێراقدا پیادە بکات کەمەسەلەی سنووردانان بۆ هەڵقولانی دارایی بۆ ئەو گروپانە بکاتە یەکیک لە ئەولەویاتی پلانەکەی).
دواتر نووسەر راپۆرتەکەی بەم پەرەگرافە قوفڵ دەکات "ئەگەر بیتو ئامرازەکانی فیشەک و بۆمب شکستیان هینا لە پرۆسەی لەناوبردنی یاخیبووەکان و ئەندامانی میلیشیا چەکدارەکاندا، بەلام لانی کەم وەستاندن و وشککردنی دارایی و پارەکان لەگیرفانیاندا باشترین ئامرازە بۆ لەناوبردنیان".
شتیکی شاراوەش نییە سوریا یەکیک لەو دەوڵەتانەیە سەرچاوەیەکی نایابی دارایی و لۆجیستی ئەو گروپانەیە، کە بەبێ هەبوونی ئەم دەوڵەتە لەتەنیشتی عێراقدا دەکرا تیرۆرو کاری تیکدەرانە لە نیواو نیو زیاتر لەوەی ئیستا هەیە کەمتر بوایە.
بآ لەوەش ولاتانی دەوروبەر لەڕیی بازرگانیکردن  و ئالوگۆری کالاوە لەگەڵ میلیشیا چەکدارەکان یارمەتییەکی باشی مانەوەیان دەدەن، بەتایبەت ئەو میلیشیایانەی نزیک بەدەسەلاتی سیاسی عێراقن و لە هەمان کاتدا بەشیکن لە پرۆسەی توندوتیژیی سیاسی و مەزهەبی.
کیت کرین-دەنووسیت (بەدەر لەیارمەتی حکومەت بۆ میلیشیاکان لەڕیگەی کارو پۆستەکانەوە، سەرچاوەی دووەمی یارمەتیدانیان لەڕیگەی ئاودیوکرن و فرۆشتنی سووتەمەنییەوە دەست دەکەویت. کاتیک لە دەرەوەی عێراق دەیفرۆشن  وملیۆنان دۆلار بۆمیلیشیاکان دەستەبەر دەکات).
ئەوەی لەم بازرگانییەدا لەگەڵ میلیشیاکان بە پلەی یەکەم دیت کۆماری ئیسلامی ئیرانە، پاشانیش سوریاو تورکیا.
قەبارەو بارستایی دەستێوەردانەکە هەرچی چۆنیک بیت هیندەی ئەوە گرنگ نییە ، ئەمڕۆ سوریا ژیدەریکی ترسناکی خولْقاندنی پشێویی و نا ئارامییەکانی ناو عێراقەو لەچەندان کەناڵ و دەروازەی جیاجیاوە داخلی عێراق بووەو لەسەر ساحەی ئەو جەنگیکی دۆڕاوی ناپیرۆز کە تەنآ هاوولاتیان و عێراقییەکان تیایدا زیانبارن بەڕێوەدەبات.
تانهۆش لەمیحوەری عێراقەوە گوشاریکی جیدیی لەسەر سوریا نەبووە بۆ ئەوەی ناچار بکریت سنوورەکانی توندو تۆڵ بکات و مقەست بدات لەداوی پەیوەندییەکانی بەگروپە نەخوازراوە چەکدارەکانی ناو عێراقەوە، بە پیچەوانەوە ئەمەریکا لە قۆلێکی ترەوە مەیدانی بەربەرەکانی لەگەڵ کردۆتەوە، ئەویش قۆڵی لوبنانە کە دوای ناچارکردنی سوپاکەی بەکشانەوە لەو ولاتە، تاوانباریشی کردووە بە تیرۆرکردنی ڕەفیق حەریری و هاندانی گورپە یاخیبوەکانی ناو لوبنان و دەستوەردان لە کاروباری ناوخۆی ئەو ولاتە.
راستە سوریا لەلای لوبنانەوە قۆڵی براوەو ڕەگو ریشەی دەرهینراوە، بەلام قۆڵەکەی تری لە عێراقدایەو خەریکە ڕەگ دادەکوتیت.

## تورکیا

created using
BCL easyPDF
Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

بەهۆی پشکداریی نەکردن لە پرۆسەی روخانی رژێمی بەعس و ریگریی دروستکردن لەبەردەم بەکارهینانی ئاسمانی ولاتەکەیان لەلایەن هیزەکانی هاوپەیمانانەوە لە جەنگی دژە عێراق، تورکیا کەنارگیر کراوە لە بریاردان لەمەر چارەنووسی عێراق و هیچ کاریگەرییەکی جیدی و بەرچاویشی نەبووە لە عەمەلیەی سیاسی سەر لەنوآ دارشتنەوەی عێراقدا.

تاوەختیک ئاوریدایەوە دوژمنە لەمیژینەکەی (کورد) لە چلە پۆپەی دەستەلاتدایەو ئەکتیفانە لەگێرمەو کیشە و ململانیکانی عێراقی هەنووکەدا دەرکەوتووە.

تورکیا چەندان جار هەولێدا لەریی بەکارهینانی کارتی (PKK)ەوە بەشێوەی راستەوخۆ لەشکرکیشی بکاتە سەر خاکی باشوور، ئەم کارتە تا ئەم چرکەساتەش بەدەستییەوەیەتی و دەیەویت لەلایەن ئەمەریکاوە گلۆپی سەوزی ئۆکەی بۆهەڵبکریت و میژوو خۆی دووبارە بکاتەوە چۆن لە شەویکدا (قوبرس)ی داگیرکرد کوردستانیش داگیر بکات.

بەلام تا بە ئەمرۆ دەگات ئەمەریکا ئەو مافەی بەتورکیا نەداوە بۆ ئەنجامدانی کاریکی لەو بابەتە، چون ئەو لەشکرکیشییە لەلایەک هەڵکوتانە سەر ئەمەریکایە بەدەلیلی ئەوەی دەسەلاتی داگیرکەرەو ولات لەدەستی ئەوە، لەلایەکی ترەوە تیکدانی ئەو برە ئاسایشەیە کە لە باشووری کوردستان هەیە کە وەک دورگەیەکی ئارامی لیهاتووە بۆ سەربازو هیزەکانی هاوپەیمانان و جیبەجیکردنی هەندآ ئەجیندەی خۆیان تیایدا.

پاشتر تورکیا لەریی پاساوی ستەمکردن لە تورکمانەکان لە کەرکووک و بەبیانووی لەمپەردانان بۆ دروستکردنی دەوڵەتیکی کوردیی لە باکوری عێراقدا، چەندان هەوڵی سەرنەکەوتوویدا، بۆ قایلکردنی کۆشکی سپی تا لەشکرکیشی بکات، خۆشبەختانە هەموو هەوڵەکان ناکام مانەوەو هیچ هیوایەکیان بۆ تورکیا لێ سەوز نەبوو.

تاکە میکانیزمیک بەدەستییەوە مابیتەوە هەندێ لایەنی وەک بەرەی تورکمانییە، ئەویش بە هاندانیان بۆ کۆسپ و تەگەرە دروستکردن لەبەردەم جیبەجیکردنی برگەکانی ماددەی سەدو چل، بەتایبەتی لە قوولایی شاری کەرکووکدا.

نووسەری تورک (سەمیح ئیدیز) دەنووسیت: (بەهۆی یەدەگە نەوتییە زۆرو زەوەندەکەیەوە کەرکووک هەمیشە خاڵی ململانیی نێودەوڵەتی بووە، هەروەک رابردوو دووبارە کەرکووک لە سایەی ترس و توندوتیژیدا دەژی).

یەکیک لە نزیکترین ئەو ولاتانەی چاوی لەنەوتی کەرکووک بریوە تورکیایە، هەر بۆیە لەریی وروژاندنی هەستی تورکمان و شێواندنی زیاتری باری دیمۆگرافی کەرکووک و چەواشەکردنی رای گشتی جیهانی، باری گۆراوی شارەکە وەک خۆی دەهیلیتەوەو ریگریی دروست دەکات بۆ گەرانەوەی بۆ ناو جوگرافیا رەسەنەکەی کە کوردستانە، ئەمەش ئەو ستراتیژیە تورکیا چەندان پلانی بۆی هەیەو دەیان کۆنگرەی لەولاتەکەیدا بۆ بەستووەو دەیەویت زۆرترین عێراقی لەدەور کۆبکاتەوە.

رەهەندیکی تری دەستێوەردانی تورکیا، هاریکاریی کردنە لەگەڵ هەندآ لە جاشە کوردەکانی باشوورو بریک لایەنی سووننە و شیعەی رەگەزپەرست بەمەبەستی پیکهینانی بەرەیەکی هاوبەش لەدژی دەوڵەتی نویی عێراق و خواستی فیدرالیزمی کوردەکان و ماددەی سەدو چل.

هەر لەخۆرانییە دوای مت بوون و چوونە قاوغەکەی خۆیەوە جاریکی تر جاشی میژوویی (ئەرشەد زیباری) سەر دەردەهینیتەوە، ئەمجارە وەک سەرۆکی پارتیکی بەکریگیراو کە ئامانجی دژایەتیکردنی ماددەی سەدو چل و فیدرالیزمە.

دووبارە ئەمە بەڵگەیەکی ئاشکراو شەفافە بۆ سەلماندنی دەستێوەردانی ولاتانی هەرێمی لەکاروباری عێراق و کوردستاندا بەدیاریکراویی لە پرسەکانی گریدراو بە چارەنووسی شاری کەرکووکەوە.

تورکیا بە هەموو جۆرو لە هەر ریگەیەکەوە دەستبدات بۆی دەستوەردەداتە کاروباری عێراقەوە، ئامانجی ئەو جیایە لە ئامانجی ئێران و سوریا چون لەبەردەم تەهدیدی گۆران و روخاندا نییە، بە قەدەر ئەوەی خەونی لەباربردنی هەر نیمچە دەسەلاتیکی کوردیی هەیە چونکە هەر رینیسانس و سەرهەڵدانەوەیەکی کورد لە باشوور بەسەرەتایەکی مەترسیدار دەزانیت لەسەر خۆی بەو پییەی هانی کوردەکانی باکوریش دەدات لەدژی دەوڵەت و لە هەمان کاتدا پاڵپشتیکی ماددیی و مەعنەویی دەبیت بۆیان لەخەباتەکەیاندا بۆ رزگاریی کوردستان و دەرهینانی لەژێر چەپۆکی کەمالیزم و تۆرانیزم.

## ولاتانی عەرەبی (سوننە)

لەبەرامبەر دەستێوەردانی سوریاو ئێران وەک دوو دەوڵەتی شیعە، دەوڵەتانی عەرەبی سوننە کاردانەوەیان هەبووەو هەوڵیانداوە رەنگدانەوەیان لەسەر دۆزی سیاسی و واقیعی ئەمرۆی عێراق هەبیت. لەریزی پیشەوەی ئەم ولاتانە هەریەک لە سعودیەو میسرو ئوردون و قەتەر هەن.

created using
BCL easyPDF
Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

ئەم دەوڵەتانە ترسیان لێنیشتووە لەوەی یەک پارچەیی خاکی عێراق لەبەردەم هەڕەشەو ترازاندایە و ئەگەری پارچەپارچە بوونی لەهەر ئەگەریکی تر بەهێزترو نزیکترە، ئەوان لەڕێی دەستگیرۆیی کردن و یارمەتیدانی عەرەبی سوونەی لەسەر کارلابراوەوە خوازیارن زامنی یەک پارچەیی خاکەکەی و ناسنامەی عەرەبیتی عێراق بکەن.

(بۆبی غوش) دەنووسێت: ولاتە عەرەبییەکان ترسی ئەوەیان هەیە کۆماری ئیسلامی ببێتە سەرەکیترین دەسەلاتداری ناوچەکە، سەبارەت بەمەش چەندین جار بەرپرسانی سعودیەو میسرو قەتەرو ئوردون رەخنەیان لەبەرپرسانی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا گرتووە بەرامبەر بەهەڵوێست وەرنەگرتن سەبارەت بە فراوانبوونی دەستەلاتی کۆماری ئیسلامی ئێران لەناوچەکەدا.

لەساڵی 2004 شا عەبدوڵڵای پادشای ئوردون هۆشداریی دایە بەرپرسانی کۆشکی سپی لە مەترسی پەیدابوونی ئیمپراتۆریەتیکی شیعە کە ئێران و عێراق و سوریاو لوبنان بگرێتەوە. حوسنی موبارەکی سەرۆکی میسریش ساڵی 2006رایگەیاند کە (شیعەکانی عێراق ئەوەندەی خۆشەویستیان بۆ کۆماری ئیسلامی ئێران هەیە، ئەوەندە خۆشەویستیان بۆ ولاتی خۆیان نییە کە عێراقە).

بەمجۆرە ولاتانی عەرەبی سوونە لەترسی دروستبوونی هەژموونیکی بەهێزی شیعی و هاتنە کایەی ئەوەی پێی دەوترێ (هیلالی شیعی) لەناوچەکەدا بەهەموو توانایەکیانەوە پشتگیریی عەرەبە سوونەکانی عێراق دەکەن وەک ریگر لەبەردەم دروستبوونی ئیمپراتۆریای شیعەو پاریزگار لەدیدی عروبەو شوناسی عەرەبیتی دەوڵەتی عێراق.

تەنانەت سعودیە کەخەون بەسەرکردایەتیکردنی دنیای عەرەبی و سیاسەتی جیهانی عەرەبەوە دەبینێت لە هەوڵی زیاتر دایەو دەیەوێت لەناوخۆی ئێراندا مەدی سوونی بجوڵینآ( وەک جولاندنی) بەلام ترسی لەپەرچەکرداری ئێرانە لە هەژاندنی ناوخۆی سعودیە لەرێی ئەو ژمارەگەلە زۆرەی شیعەی ولاتەکەیەوە.

بەلام تا ئیستا عێراق مێزی دەست شکاندنەوەو قوماریان بووە و مەیدانی ناکۆکی و کێشمە کێشەکانیان نەگواستۆتەوە بۆناوخۆی ولاتەکانیان.

هەر لەو میانەیەدا ئەم ولاتانە بەردەوام سەرقاڵی سازدانی کۆنگرەو کۆنفرانسی جۆربەجۆرن سەبارەت بەعێراق و چارەسەرکردنی دۆخی ناهەمواری ئاسایش، بەلام لەواقیعدا ئامانجی هیچکامیان وەستاندنی نەزیفی خوینی عێراق نییە، بەڵکو ئەو کۆنفرانسانە تەنآ دەرفەتیک بوونە بۆدۆزینەوەی سەرەداوی بەرژەوەندییەکانیان لە عێراقداو ئامادەکردنی رێوشوین بۆ پاریزگاریی لیکردنی.

هەروەک نووسەری عەرەب (غەسسان ئیمام) دەنووسێت (تراژیدیای عێراق هیچ چارەسەریکی نییە لەناوخۆی عێراق خۆیدا نەبێت، هەرچیییەکی تر بکریت دواخستنی چارەسەرو درێژەدانە بەململانیکان ودرۆ گۆرینەوەیە لەناوەوەو دەرەوەی کۆنگرەکاندا).

## هەڵوێستی ئەمەریکا

ئەندریۆ باسیفیچ لە (The Nation) دا دەنووسێت: هەموو سیاسەتمەداریکی ئەمەریکی بەردەوام ئەم پرسیارە لەخۆی دەکات (ئایا نەخشەی ئێمە لەعێراق چییە؟) هۆکاری ئەم پرسیارەش دەگەریتەوە بۆ ئەو شکستانەی لەنێو عێراقدا بەدی دەکرین، لەو ساتەوەی عێراق ئازادکراوە سەقامگیریی بەخۆوە نەدیوە، رۆژانە بەردەوام تەقینەوە روودەدات، هەر نەخشەیەک کە پەیرەو دەکریت دەرئەنجامی نیگەتیفی دەبیت.

ئەمەریکا لەرووبەرووبوونەوەی تیرۆریستان و قەلاچۆکردنیان و جیگیرکردنی ئەمنیەت بە بنبەست گەیشتووەو هەموو پلانەکانی یەک لەدوای یەک شکستیان هیناو نەیتوانی کەمترین سەرکەوتن مسۆگەر بکات، تەنانەت جەنگی عێراق و ئەوبارە نەخوازراوەی لە بەغدادوشارەکانی تردا بوونی هەیە، نارەزایەتییەکی توندی لە ئاستی جیهانیدا لەدژی ئەمەریکا دروست کردووە تا ئەو سنوورەی بزوتنەوەی ئەنتی ئەمەریکایی لە بەهێزترین وەرزی تەمەنیدایە.

ئاژانسی (فرانس پریس) لەو بوارەداو لەسەر نیگەرانییەکانی ولاتانی دنیا لەمەر رۆڵی پۆلیسی جیهانی ئەمەریکا راپۆرتیکی ئامادەکردووە، راپۆرتەکە هێما دەکات بۆ وتەی (کریستۆفەر وتینی) بەرێوەبەری تویژینەوەکان لە ئەنجومەنی شیکاگۆ بۆکاروباری نیودەوڵەتی، لەمەر راپرسییەک کە 18ولاتی گرتۆتەوە (ئارەزوویەکی ئاشکراو روون هەیە سەبارەت بە هەڵوێستی زۆرنیگەتیف و بەرجەستە بوو بەرامبەر بە ئەمەریکا بەهۆی شێوازی جیبەجیکردنی سیاسەتی دەرەوەی).

لەبارودۆخیکی لەو جۆرەدا ئەمەریکا کام ریگا دەگریتە بەر؟ ئایا پلانی نوێی چییە بۆ چارەسەرکردنی قەیرانی عێراق؟ چۆن مامەڵە لەگەڵ دەستێوەردانی هەرێمیی دەکات؟ ئایا سیاسەتی توندوتیژو زەبروزەنگ ئامێز دەگریتە بەر یان رێی گفتوگۆو فۆرمی ئاشتیانە؟.

ئەوەی لەرەوشی عێراقدا بەدیدەکریت پیچەوانەی روانینەکەی کۆڵۆنیل (سام گاردینێر)ی کۆنە ئەفسەری هێزی ئاسمانی ئەمەریکا نیشان دەدات، کە پێیوایە عێراق و تەنگژە قورسەکانی ریگر نین لەبەردەم هێرشکردنە سەر ئێران، سەرقاڵبوونی ئەمەریکا بەمانای وازهینان لەئێران نایەت.

created using
BCL easyPDF
Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

هەموو ئاماژەوسەرەداوەکان دەڵێن ئەمەریکا خوازیارە لەگەڵ هەردوو دەوڵەتی ئێران و سوریا گفتوگۆبکات بۆ دۆزینەوەی میکانیزمیکی چارەسەر بۆ دۆخی عێراق و ناجیگیریی ئارامی و ئاسایش بەدیاریکراویی لەبەغدادی پایتەختدا.

دانیاڵ سیرۆیەر لە رۆژنامەی لیبراسیۆنی فەرەنسیدا دەنووسیت "وێرای نکۆڵیکردنی کۆشکی سپی لە گرتنە بەری هیچ سیاسەتیکی نوآ بەرامبەر سوریاو ئێران، بەلام لەراستیدا سیاسەتی پیشووی خۆی دەستکاریی کردووە و دانوستانیکی چەند قۆڵەی لەگەڵ ئەودوو ولاتەدا دەستپیکردووە، دەیەوآ چیدی ئێران و سوریا کۆسپ نەخەنە بەردەم کارەکەی لە عێراقدا..".

لەلایەکی تریشەوە (ئانی فیلادمێرتی) لە رۆژنامەی واشنتۆن پۆستدا ئاماژە دەکات بەوتەی کۆندالیزا رایسی وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا لەبارەی سازشکردن لەگەڵ ئێران و سوریاو لەزاری ئەوەوە دەنووسیت (ئیدارەی سەرۆک بۆش خوازیارە گفتوگۆ لەگەڵ سەرکردەیی ئێران و سوریا بکات سەبارەت بە سەقامگیرکردنی بارودۆخی ئاسایش لە عێراق).

فیلادمێرتی جەخت لەسەر ئەوەش دەکاتەوە پسپۆرانی ئەمەریکی پیداگریی لەبارەی پێویستی دانوستان لەگەڵ ئەو دووولاتەدا دەکەن لەمەڕ فایلی ئەمنیی لە عێراقدا.

لێرەوە دەگەینە ئەو بڕوایەی ئەمەریکا ئامادەیە سازش لەگەڵ ئێران و سوریا بکات، بەلام لەبەرامبەرچی و ئەو دوو دەوڵەتە بەچ مەرجیک هاوکاریی دەکەن؟ هەڵبەتە لای خۆیانەوە هەر لایەکیان مەرجیان هەیە، بەلام ئاخۆ ئەو مەرجانە لەسەر حیسابی کآ بن؟ ئایا گۆزەکە لەسەری کام لایەن و کام پیکهاتەی عێراقدا دەشکیت؟. کارەساتەکەش لێرەوە دەست پیدەکات، ئەمەریکا نەک هەرناتوانیت لیپرسینەوە لەگەڵ ئەو دوو ولاتە بکات بەڵکو ئامادەیە نەرمی بنوینیت لەگەڵیان بۆ ئەوەی یارمەتی سەرکەوتنی بدەن لە تەنگژەی عێراقدا، ئەو تەنگژە قورسەی کە لەدوای فیتنامەوە نە بەخۆیەوە دیوەو نەلەوانەشە قەت جاریکی تر بەخۆیەوە ببینیت.

## دۆزی کورد

دەستێوەردانی هەرێمیی و کارتیکردنی ولاتانی ناوچەکە لەدۆخی عێراق، زۆرترین رەنگدانەوەی هەبووە لەفۆرمۆڵەکردنی عێراق بەشێوەیەکی تر، جیا لەو شێوەیەی ئەمەریکا بەتاک لایەنە بڕیاری لەسەر دابوو.

بەکارهینانی کارتی ئاسایش لەلایەن سوریاو ئێرانەوەو دوورخستنەوەی تەوەری شەڕ لەدەوڵەتەکانیان نەک پاراستنی لەهەرەشەو مەترسی داڕوخان بگرە ئەمەریکاشی ناچار بەدانوستان و گفتوگۆ کردووە لەگەڵیان.

بیگومان لەحاڵەتیکی لەو شێوەیەدا ئەمەریکا لە هەندێ داواکاریی خۆی دیتە خوارەوەو بەدیفاکتۆ هەندآ سازش دەکات کە رەنگە لە دژی پیکهاتەیەک یان چەند پیکهاتەیەکی ناو عێراق بیت.

لێ دەستێوەردانی هەرێمی نەیتوانی باری جیگیری ئاسایش لەکوردستاندا بشلەقینیت(چونکە ئامانجی نەبوو) بەلام لەرووی سیاسییەوە کورد یەکیک لەو پیکهاتانەیە باجی ئەو دەستێوەردانانە دەدات.

رەنگبآ گرنگترین باج دواکەوتنی جیبەجیکردنی ماددەی 140 بیت، تەنانەت دەنگۆی ئەوە هەیە ئەمەریکییەکان داوایان لە (جەلال تاڵەبانی) سەرۆک کۆماری عێراق کردبیت بۆ دواخستنی ئەو ماددەیە بەتایبەت لەشاری کەرکووک، ئەمە دیسان بەڵگەیەکە لەمەڕ رۆڵی دەوڵەتانی هەرێمیی لەسەر بڕیارە نوییەکانی ئەمەریکا و هاوپەیمانان.

کورد کە بەهرەمەند نییە لە هاوکاریی هیچ دەوڵەتیکی دراوسێ و حەشارگەی لە هیچ کام لەولاتانی هەرێمی نەخستووە، قوربانی سەرەکی ئەو دەستێوەردانانە بووەو دەبیت. لەلایەکی ترەوە پیداچوونەوە بەبڕگەکانی دەستووری عێراق و هەمواركردنی چەند بڕگەیەکی نوآ کەمافەکانی کوردی پیدەگۆڕیت بۆ بآ مافیی، بەڵگەیەکی ترو ئاوینەیەکە پێمان نیشان دەدات ئەگەر بەدەستیک ماف بدریت بەکورد لە عێراقدا سەدان دەست ئامادەکراوە بۆ لیسەندنەوەی.

کورد زەرەرمەندترین پیکهاتەی عێراقە، شیعەکان بە پاڵپشتی ئێران و زۆرینەی دانیشتوان حاکمی جاویدانی عێراقن، سوونەکان بەهاوکاریی ولاتانی عەرەبی و هیزی خۆتەقینەرەکان بوونەتە ئەمری واقیع و ئەمەریکییەکانیشیان ناچار بەدانوستان و سازشکردووە.

لەو نێوەندەدا کورد بە تەنیاو بێ هیچ دۆست و پاڵپشتیک، بەدوای عەشقیکی وەهمی و تاک لایەنەی ئەمەریکادا رادەکات، ئەو ئەمەریکایەی لە راسپاردەکانی بیکەر- هاملتۆنەوە یەکەم زەنگی پشتیکردنی بۆ لیداو ئەمڕۆش خەریکە لەبەرچاوی هەموو دونیا ئەوەی دوینآ بەخوین و رەنج بەدەستی هیناوە لەبەرداشی سازشەکانیدا دەیهاڕیت و لەناویدەبات.

هەرلێرەوە جیی خۆیەتی ئاماژە بکەم، بۆئەوەی جگە لەکورد کەمینەکان بەهۆی بارودۆخی ناجیگیری عێراق و نەبوونی پشت و پەنای دەرەکییەوە لەتوانەوەدان و خەریکە لە هەموولایەکەوە تیادەچن.

بەپیی راپۆرتی ریکخراوی مافی کەمینە نێودەوڵەتییەکان لەساڵی 2007، کەمینەکانی عێراق بەرەو لەناوچوون دەچن، وەک مەندائییەکان کەپیش ساڵی 2003، ژمارەیان (30000) کەس بوو، بەلام ئیستا لە (13000) کەس کەمترن، جولەکەکان پیش

created using
BCL easyPDF
Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

ساڵی (2003) سەدان کەس بوون، بەلام ئیستا پینج کەسیان لە عێراق ماون، پەنابەرە فەلەستینییەکان ئەوانیش پیش ساڵی 2003 ژمارەیان (35000) کەس بوو، ئیستا لە (15000) کەس کەمترن.

بەشار ئەلسەبتی- وتەبیژی ئەنجومەنی کەمینەکانی عێراق دەڵیت: "گەورەترین مەترسی مەندائییەکان ئەوەیە رووبەرووی نەمان دەبنەوە".

ئەمرۆ لەدوای کوشتنی دوعاوە پەلامارداني ئیزدییەکانیشی وەک بەشیک لەنەتەوەی کوردی هاتۆتە سەر، بۆیە عێراقی نوآ، عێراقی زلهیزو خاوەن دەستەلاتە لەبن نەهاتووەکانە، ئەوانەی دەستەلاتەکانیان پشت ئەستوورە بەهیزی دەرەکی و ناوچەیی.

کورد هیچ کەسی لە پشت نییە، وابزانم ئەوەندە تاوان و رەفتاری نەشیاومان ئەنجامداوە چیاکانیش پشتیان تیکردووین و دۆستمان نەماون.

## چارەسەر چییە؟

ئەرکی ئەم نووسینە نییە وەلام بداتەوە چارەسەر چییە؟ بەلام هیچکات دیواری ئەعزەمییەی چەقی شاری بەغداد کە شارەکەی دوولەت کردووە چارەسەر نییە ، بەڵکو هەڵچنینی شورەیەک (مەبەستم دیواریکی مەعنەوییە نەک دیواری چین) پێویستە بەچوار دەوری عێراقدا،بۆئەوەی لە پیش هەر کاریکەوە بەرەنگاریی سنوور بەزاندن بیتەوە و پاریزگاریی لەسەروەریی خاکی عێراق بکات.

لەگەڵ ئەوەشدا تا عێراق بەمجۆرەو بەم جوگرافیا دەستکرد و داسەپاوەوە بمینیتەوە، کورد وتەنی (تا ئەم بایە لەو کونەوە بیت) دەستیوەردانی هەریمیی و نیودەوڵەتی لەعێراقدا هەردەمینیت.

شیعەیەکی عێراقی ئەوەندەی ئینتیمای بۆ شیعەگەریی و ئیران هەیە چارەکی ئەوە عێراقی نییە، کورد دوای هەشتا ساڵ بەعێراقی کردن و کۆمەڵکوژیی تانهۆ بۆ چرکە ساتیکیش لە قەناعەتەوە خۆی بەعێراقی نەزانیوەو نازانیت.

دابەشکردنی عێراق بۆ سەر سآ دەوڵەت، کیشەکان لە بناغەوە چارەسەر دەکات و دەبیتە فاکتۆریک بۆ بەرقەرار بوونی ئاشتی لەسەرجەم ناوچەکەدا.

ماکس ج. بووت- نووسەرو تویژەری سیاسی ئەمەریکی لە رۆژنامەی (لۆس ئەنجلۆس تایمز)دا دەنووسیت "زۆرکەس ئیستا دژی دووبارەکردنەوەی ئەزموونی یۆگسلافیایە لە عێراق، واتە عێراق دابەشبکریت بۆ سێ دەوڵەتی سەربەخۆی سنوور جیاواز و سەروەریتی سەربەخۆو هاوبەش لەکۆمەڵیک مەسەلە کەتایبەتمەندیتی جیۆپۆلۆتیکی عێراق دەیسەپینیت، بیرمان نەچیت لە نەوەدەکانی سەدەی رابردووش هەمان بەرهەڵستکاریی بۆ بیرۆکەی دابەشکردنی یۆگسلافیا دەکراو دەبینرا، بەلام دواجار هەموو لایەک بەو قەناعەتە گەیشتن لەولاتیکی پیکهاتە جیاواز کە بنەمای پیکەوە لکاندنیان بەیەکەوە ئارەزوومەندانە نەبووە، دابەشکردن و سەربەخۆ بوونی هەرنەتەوەیەک لە پیکهاتەکانی ئەو ولاتە باشترین چارەسەرە بۆ سەقامگیربوون و پیشکەوتن، ئەم چارەسەرە بەرای من لەگەڵ چارتی نەتەوەیەکگرتووەکانیشدا دیتەوە، بەو پییەی سەرەکیترین ئامانجی بریتییە لەدەستەبەرکردن و پاراستنی ئاشتی و ئاسایشی جیهان".

کورد بەزۆری زۆرداریی کراوە بە عێراقی بۆچی باجی عێراق بدات؟ بۆچی بەئاگری شەری سووننەو شیعە بسووتیت؟ بۆچی باجی هەڵەکانی سەددام ومالکی و کێ و کێ بدات؟

شیعەیەکی خوارووی عێراق و زۆنگاوەکان چی دەیبەستیتەوە بەشاخەکانی کوردستانەوە؟ کوردیکی کۆچەریی کویستانشین چی بەبیابانە کاکی بەکاکییەکانی عەرەبستانەوە گریی دەدات؟

جامانەو عەگاڵ، شاڵ و دشداشە، خورماو گویز، کەوی کوردستان و هوشتری بیابان چی بەیەکەوە دەیانبەستیتەوە؟ جگە لە درۆو وەهمی عێراقی داسەپاو نەبیت !!

باشترین چارەسەر و کارسازترین هەنگاو بۆ دەرچوون لەم قەیرانەی ئەمرۆی عێراق دابەشکردنییەتی بۆ سەر سآ ولات، ئاخر دەزانن یۆگسلافیا وامان پیدەڵیت؟!.

## پەراویز:

1- بروانە بۆ رۆژنامەی (ئاسۆ) ژمارە (369) رۆژی 2007/2/19.

created using
BCL easyPDF
Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image